# پاشماوەی قەسیدەیەکی ون



موحسین ئەدیب

*دەلاقەی یەکەم

من،

..، ڕێگایەك خەیاڵ

خەیاڵێك مێژوو

من، ئەمە من،

ئەمەش سەرەتای شیعرێك، ئیدی

پشوو، پشوو.. پشوو، تا

سەرەتای ژانی عیشقێك.

***دەلاقەی دووەم**

ئێرە چەندین چینە لە مردن، لە مرۆڤ

چەندین چینە لە جوانی

ئێمە لێرە، لەم دەڤەری مرۆڤە سەرابانەدا

لێرە بە ڕۆژ خەون ئەدوێنین، بە شەویشدا

لێمان دێنە جوێندان، ئەز

لەم دەریا بێ قەترەدا، تامەزرۆی

ئەسرینی رووتم

ئەم زمانە بێ وشەیە، بەگڕ بێدەنگییا ئەبا.

***دەلاقەیەکی دی**

لەم دێیە، شەقام ئەبارێن

لەم تەمەنە بێ ورتەیی.. من زوو

چاوی پرسیارەکانم دەردەهێنا،

بۆیە دەلاقەکان بە ئەسرینەوە دوام ئەکەوتن

من ئەم جەنگەم پێ ناکرێ

لە جەنگەڵستانی ئەم پرسیارو وەڵامانەدا

ئەز.. (تابووتم).

***دەلاقەی کۆتاو نزیکترین**

وەبان گۆنای دایکمەوە

چیایەک‌و رووبارێک‌و نیشتمانێک، سەفەر دەکەن

خوشکم ئەیوت: بۆ نووسینەوەی شیعری مێژوو

چەپکێ گێلاس، بەدەم سەباوە، وێنەی گوڵەبەڕۆژە ئەکرتێنم

منیش ئەموت: ئەز لە لۆژیکی ئەم وێنەیە تێناگەم

پێدەچێ بەدەم ئەسرینەوە پێبکەنێ

بەدەم گریانەوە بخەنێ، من ئەڕۆم

داهاتووشم بەدوامدا، من ئەڕۆم

رابردووشم بەناخمدا،

من ئەڕۆم.. دێم ئەڕۆم.. ئەڕۆم.. دێم

***

لەژێر سێبەری (بارانا) گوێم

لە چرپەی دەنگە ژێیەکانی، نوزەی عیشقە،

لە قۆزاخەی شەوەزەنگێکی زەنگیانەییدا، بەسەر
پرچی چرایەك و بەر پشتێنی چیایەکدا، دادەخورپێ
بانەبێ، . . ،
لەگەڵ لەنجەی بلورینی نۆتەیەکی گەردوونیدا، تێر بلەنجێ، با نەبێ
ئەم گوێسەبانە شیعرەدا
با
رێ تە
سەر
کۆڵێ تەم، سەر، مشتێ غەم
زەننە عەرەقاوییەکانی سەرابێکی شین باو، سەر سەربان و
بەر پەنجەرەی قەسیدەیەك،
باڵای خوێنم، بەر بەرماڵی پەپوولەیەك ئەشواتەوە، دەنگی ئەم
فرمێسکە شیعریانە، لەبن پێی سێبەری
تاوێرە بەردەکانا ئەگەوزێن، پەردەی ئاوە غەمبارەکان، هەناسە
دائەبارێنە، سەر
کوڵمی زەردی سەبا، سەبایێ، سەبایێ، سەبا
سەفەرەکانی شەو ئەهێنێتەوە قەراخ
کاروانە شیعربارەکانی سوجدەی فەنا، سەبا
لاپەڕەکانی ئاو، بۆ فرمێسکی گۆنای برژانگی ئەو گەڵایانە ئەگرین کە لە دەموچاوی
ئاوێنەکانا بۆ رووخساری هەناسەی ماسییە عاشقەکان ئەگرین
دوو باڵی سپیی قەسیدە سەرمەدییەکان، بەدووی منی شیعرا
تاووتوێی هەناری گریان ئەپشکنن
ئەگەڕێن بۆ ئەوەی دووچاو بۆ چوار دەلاقە لە من بکەنەوە، چونکە من لە
باڵەکۆنەکانی شیعرەوە ئەڕوانمە خۆم، ئەڕوانمە ناخی ئاو، دەفتەری
یاداشتنامەکانی فرمێسك ئەکەمە گەردنی ئەو رووبارانەی لاڵن، غەمی من
غەمی ئاو و غەمی غەمیشیان بەقەدی شەپۆلەکانەوە هەڵواسیوە
شەپۆلی ئەم ساتە ئیستییانە، ئەگەڕێمەوە چۆڕاوگەی
سەرەتاهەمین فرمێسك، شەم
پرچی خوساوی کانیە لاتەریکەکانی عەدەم، خەم
عابای قاقای باران بەسەر تەرمی گریانی فرمێسکا،
سەفەرێکی دوور، دوور، حەرفێکی کورت، پەڕەیەکی جەبەرووتی
لە بنمیچی شەوە بێ نەزاکەتەکانا،
لایە لایەی شیعرێکی درۆزنم لەگەڵا ئەنوسێتەوە،
هەر چوارپەلی قەسیدەیەکی سەرمەدی، ئەتاسێنێ، بۆ ئەوەی

دەنگی ئەو ئاوانەی فرمێسکیان لێ ئەتکێ بوەرن، بەلایەی ئاو
لە چراخانی لەرەی دەنگەوە بڕوانمە سپیایی کاغەزە قەترانییەکان
گوێ لە ناڵێنی دێڕ بەدێڕی نامەکانی خەون بنێم، .. فشەم
بە کۆلارەی باڵداری کۆڵانەکانی سەفەر بێت، دەرویش
دەرویش.. ئەمگەیەنێتە هانای چیای بێ ترۆپکی دەنگ، دڵۆپ
دڵۆپ قەترە بە قەترە مۆسیقا ئاوییە بێ ئەرشیفەکانی ئاسمان
ئەهێنمە خزمەتی لۆژیکێکی ماندوو
لە کۆچی ناوەختی ئەو ئاوانەی چاوەڕێی روخساری
بارینی بارانێ ئەکەن دوا ئەکەوم
تا بتوانم هەنگیانەی ئەو فرمێسکانەی زەمینیان لێ ئەتکێ
لەگەڵ ئەسرینێ لەخۆما بکەمە ملی تاووسینی ئەو –با– یانەی
ئەمگەڕێننەوە سەرەتایەك لە من، من
سەرەتای یاخیبوونی نون نونی وتن، نونی نوسین، سەرەتای نون
کۆتایی نون، کۆتایی من، سەرەتای قاچاخبوونی پرچی ئەو وشانەی قەسیدەی
چاوەکانیان بەدووی ونی عەدەمە هەتیوەکانا
بە پەنجەی سەرسینگی سوجدەکان ئەکردەوە. سەرەتای
ئەو هەناسەیەی کە لە ناخی من و شیعری من و نیشتمانی منا
بەجێماوە
ونی من لە وەسیەتنامەی دەریا متەکانا ئەخەوێ، ئەگەر دیدەکانی ئاو
نەیەن و لەگەڵ کەنارەکانا ئاشتمنەکەنەوە.. نەیەن بە دەنگە پێسترەشەکانی
سەدای رۆحم و چاوی لەشم
نەیەن بەخۆمم ئاشنا نەکەنەوە ئەفەوتێم
کەپری لە چاوی شەو، لەگەڵ کانییەك لە ئەسرینی رۆژا، زەردەخەنەی ئاو
ئەوەنە منی بێ کەپری شەو بێ کانیی رۆژ، منی – بێ نیشتمانی شیعر
منی بێ عیشوەی نگیناوی مانگی هەناسەی بەجێماو منی وێڵ
بەدووی سپیەتیی هەناسەی شیعری بێ ناونیشان، منی بێ ناونیشان
***
ئێستاکە بەم دیوی –میم– داین، منی میهر، مناڵی میم –مەحوی بوونەوەی
میم –ی– من
ئێستاکە میم بە دووچاوانی– دەڕوانێ
چوار دەلاقەش بە لاقەدیا شۆڕ دێنەخوار
ئێستاکە– کۆتایی –میم–ەو سەرەتای –من
(من)ی –میم–یش، قاپییەك مۆمی حەیام،

**کۆتایی هەموو دێڕەکان**

**سەرەتا من**

**سەرەتای گشت خاڵە رەشەکانیش، چاوی سپیی قەسیدەمن**

**ئەی بارانی بێ کۆتایی، قەسیدەش –تۆ–ی**

**–تۆ–ش سەرەتای ئەسرینێکی میهرەبان بە**

**ئەی کۆتایی..**

**با.. بێمەوە خزمەتی داڕوخانی چیای رۆحم**

**با.. بگەڕێمەوە لای بەدەنگەوەهاتنی ئەو –حەرفانە–ی کە لە– هەناو–مدا**

**بە چوارمشقێ، لێی دانیشتون.. ئەو حەرفانە..**

**تەنها.. زاری ماچکردنی– رۆحیان– هەیە.. نایانەوێ..**

**چاوی ئەم پەڕەیە ماچکەن.. ئەم پەڕانەش..**

**تەنها.. چاوی وردوخاشی –من– یان پێیە.. نایانەوێ..**

**دەمی– حەرفەکانم– ماچکەن..**

**من خۆم وتم**

**سەرەتای هەر دانە حەرفێکم، چەندین حەرفن، چەندین شیعرن**

**ئەمەوێ، پێش ئەوەی بڕۆم.. بەر لەوەی**

**پەڕەکانی دەریا، بە یادگارییەکانم رەشکەمەوە**

**ئەمەوێ بچمە خزمەتی ئاسمان.. لەوێ ئاسمانی (ئەسرینم)**

**لەوێ، چاوی، رەشی مەرەکەبەکان**

**چاوی، چۆڕاوگەی خۆم ماچکەم**

**من، لەگەڵ–زەوی–دا نانوم**

**من وتم..، .. سەرەتای –قەسیدەکانم– بێ کۆتایین**

**وتیشم،  کۆچ ناکەن –قەسیدەکانم– کۆچیش کەن**

**بۆ ماچکردنی سەرەتای گشت، پەڕەکان ئەڕۆن، بشڕۆن**

**ئەگەڕێنەوە.. سەرەتای خۆیان**

**سەرەتای، گشت شیعرەکانی هاوڕێیان**

**من وتم، چاوەکانم قەسیدەیان ناوێ**

**قەسیدەکانیشم بێ دەلاقە جوانن**

**پەنجەرەکانیش ئەگرین.. بۆ فرمێسکی چاوی نوسین**

**من وتم، بەمناڵی لاڵ بووم، بەڵام مناڵیم**

**لێوی زمانی فڕینی ناساندم.. تا ماچیکەم**

**توخوا کۆچکەن، بۆ سەر درەختی پێکەنین**

**بۆ سەر درەختی گریانیش، ماچێ هەڵدەن**

**تا.. ئەگەنە خزمەتی، ئەو (گریانە)ی پێتان پێئەکەنێ**

ئەو (کەنینە)ی بۆتان ئەگری.. زوو بگەن
تا حەرفەکانی هەناوم، چاوی نوسینتانی هەڵنەکۆڵیوە، زوو بگەن زوو
منیشی غەممە کۆتایم بێ
ئەم پەڕەیەش هەڵدەنەوە، بە پەنجەی جوان
بۆ سەرەتای –منالّی– میم– ئەی وشەی جوان
سەفەرێکم لەپڕێدایە زوو بگەرە دەستی حەرفم،
با.. بگەڕێمەوە لای رۆحم،
هەناوی چاوی خۆم ماچکەم.. بە لێوی نوسینەکانم
زۆر ئەترسم
هەناوم موڵکی خۆم نەبێ.. لێوی شیعریشم دزی بێ..
من ئەڕۆمو
بەشوێن ونی خۆما وێڵم، ئەڕۆمو
گشت شیعرەکانیش بەجێدێڵم، ئەڕۆمو
گشت زامەکانیش بەجێدێڵم.. کە رۆیشتم
حەرفەکانی هەناویشم خۆیانم پێ ئەناسێنن
دەلاقەکانیش بۆم ئەگرین.. بۆیە منیش.. ئەیان نوێنم
شەرم ئەمگرێ شیعرەکانم ئەخوێنمەوە
بۆیە ئەم دەلاقەیەم هێشتەوە.. تا تێر بگریم
تا.. تەنیایم، تەنیا نەبێ منیش بگریم
تا.. دەلاقەی پێنجەمیشم جوان بشۆرم
من خاوەنی تەمەنێکم دوور لە گریان
دوور لە تەمەنی گریانو شەوی بەیان
ئەی گریانی جوانی چاو و سەرەتای من
ئەم پەڕەیەش هەڵدەرەوە
لەکوێوە..
بالاّی ئەم شیعرە کەوتە سەر تەرمی برینم..؟
لەکوێوە هات؟
بۆشایی پێش ئەم دێڕەمو چۆن بگریم بۆی..؟
چاوی پرسیار
لەسەر تەوێڵی چ نورێ داگیرسێنم؟
کەی پاداشتی، پاش نیوەڕۆیەکانی تەمەنم بدەمەوە؟
کەی بنوسم، بۆ گوڵدانو
دەستی شیعرەکانی منالّیی –میم– کێ بیگرێ؟
لاشەی پرسیار

لەسەر جەستەی –هیچ شیعرێکا، هەڵناکۆڵم، خۆم پرسیارم
شیعرکانیش ناخوێنمەوە
ئەگەر ئاشتم نەکەنەوە
ئەگەر لەسەر کێش‌و سەرواش لێم عاجزبن
قەت لایان لێ ناکەمەوە..
..........
ئێستا تەمەن
لاپەڕەکانی لای منەو
پێش وەرزێکیش، بەم ساتانە ئەنوسمەوە
دەست بۆ گیرفانی شیعرێك نەبەم هینی خۆم بێ..
قەت شیعرێکیش ناخوێنمەوە، پرچی ئاڵ بێ..
.........
من ئەڕۆم
کە ڕۆیشتم، پرچی سەفەر لەگەڵ دەستما ئەفرتێنم
من ئەڕۆم‌و
هیچ شیعرێکیش ناخوێنمەوە، تا حەرفەکانی هەناوم
ماچی سەوزایی خۆم نەکەن
من خۆم وتم
–میم–یش بەتەنها شیعرێکەو چاوێك بەچوار دەلاقە
لە–میم–ی من دەکاتەوە
کە جێمهێشتی
ڕەشەبایەك داباریبە چەمی چاوم
بێ گۆرانی
گیتارێکی لەبەر ڕشتم
بەبێ گریان
فرمێسکێکی لەبەرکردم
بوومە گریان
منیش ڕۆشتم
کە زانیم بای
منیش خۆمم پێ فرۆشتی
تا، بمکەیتە زریانێك‌و ناخی خۆتم
پێ
بنێژی.
سەرەتای 1996